لەماوەی دوو ڕۆژی داهاتوو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین دەکرێت

بەپێی ماڵپەڕی (بەغداد ئۆبزێرڤەر)، وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوودا، دەست بە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

ئەو ماڵپەڕە لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەڵێت، "ئەو لیستەی حکومەتی هەرێم ڕەوانەی بەغدادی کردووە، وردبینیی بە کراوە و لەماوەی دوو ڕۆژی داهاتووشدا، دەست بە دابینکردنی دارایی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت".

ئاماژە بەوەشدەکات، "وەزارەتی دارایی عێراق بەی 950 ملیار دینار بە دابینکردنی دارایی مووچەی مانگی شوباتی مووچەخۆرانی هەرێم ڕەوانە دەکات، دواتر حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ لیستی مووچە ڕادەگەیەنێت".